



# ئێکسسوارەکانی سەر جلی کوردی

ئێکسسوار لەگەڵ هەر جلوبەرگێکدا مایەی جوانییە و سوودی خۆی دەبەخشێ، ئەمەش وادەکات کە خانمان بەرێژەیەکی زۆر گرنگی بەئێکسسوار بدەن و بتوانن لەنزیکەوە لەگەڵ جلوبەرگ بیگونجێنن، جوانی ئێکسسوار لەجوانی شێوە و ڕێکخستنیەتی لەگەڵ جلوبەرگ، بەتایبەت ئەوانەی لەسەر جلەوە دەپۆشرێن، چەندین جۆرە ئێکسسوار هەن لەمۆدەکانی جلی کوردی، هەندێکیان دەخرێتە ژێر جلەوە، وەك ملوانکە و بازنگ و خلْخاڵ، هەندێکی دیکەش دەخرێنە سەر جلەوە، وەك: ئاشق بەند –حێل و مێخەك-پاشەسەر، هەر یەکە لەو ئێکسسوارانە لەگەڵ ئەوەی جوانیەکی نەرم دەنوێنێ، هەروەها دیمەنێکی سەرنجڕاکێشیش بەجلی کوردی دەبەخشێ. یەکێك لەباوترین ئەو ئێکسسوارانەی لەڕۆژانی ئەمڕۆ لەگەڵ جلی کوردی دەپۆشرێن، پاشەسەر و ئاشق بەندە، زیاتریش پاشەسەر مۆدەی دەرکەوتووە، کاتێك سەرتاپای سینگ دادەپۆشێ و تەنانەت دیمەنێکی دروستیش دەبەخشێ، لەکاتێکدا سەرنجڕاکێشەرە و دەتوانێ جوانی جلەکە بۆ خۆی ڕابکێشێ، پاشەسەر چەندین شێوە و جۆری هەیە، شێوەی پاشەسەر هەر یەکە بەپێی خواستی ئەو خانمە دەبێ کە هەڵیدەبژێری، هەروەها هەیە لەزێڕ دروست کراوە یان هەیە لەزیو، بەڵام کاتێك لەڕەنگی زێڕ دەبێ، زیاتر لەسەر کراسە کوردییەکە دیارتر دەبێ.

# سەندڵ و پێڵاوی کـ

وەرزی گەرما، وادەکات گۆڕانکاری بەسەر لایەنەکانی ماڵ و کەرەستە و جلوبەرگ و گشت پێداویستییەکان بهێنێ و هەر یەکە لەشوێنی خۆیەوە بگۆڕدرێ بۆ شێوەیەکی دیکە کە لەگەڵ ئەو وەرزە بگونجێ، بۆیە دەتوانین ئەو لایەنە بقۆزینەوە و کارێکی تازە بکەین کە جێگەی جوانی بێ. کاتێك خانمان لەوەرزی گەرما دەبن، سەرەڕای ئیش و کاری ماڵەوە، دەبێ ڕۆژانە بۆ دەرچوونێکی بچووکیش بڕۆنە دەرەوە، لەو وەرزش ڕۆیشتن خۆشە و بەسوودە بۆ خانمان، دەتوانن لەڕێگەی پۆشینی سەندڵ و پێڵاوی کراوە و هاوێنە هەروەها کە لەزمانی عەرەبی




# بۆیەکردنی نینۆکی پەنجە بەوێنەوە

بۆیە کردنی نینۆك، زۆر جار خانمان تووشی گرفت دەکات، لەوەی بەجوانی لەدەستیان دەرناچێ، بەتایبەت ئەوانەی ئەو پەنجەی دەستە بۆیە کە دەستی بەکارهێنانی خۆیان نییە، واتە ئەگەر یەکێك ڕاستە بێ، ناتوانێ بەدەستی چەپەوە بەجوانی پەنجەکانی دەستی ڕاستەی بۆیە بکات، لێرەدا چاکتر وایە، چەند هەنگاوێك بگرینە بەر وەکو لەوێنەکاندا هەنگاو بەهەنگاو شی کراوەتەوە:

- سەرەتا نینۆکی پەنجەکان بەجوانی پاك بکەرەوە.
- هێنانی لەزگەیەك یان کاغەزێك کە بەشێوەی لارەوە بیبڕە، واتە هەندێك شێوەی بازنەیی بێ، بیخەرە سەر لێواری نینۆکت کە ئەوەندەی دەتەوێ بۆیەی بکەی، چونکە بەبێ بوونی ئەو هێڵکارییە بۆ نینۆك، لەکاتی بۆیە کردندا تووشی نارێکی لەبۆیە کردن دەبیتەوە.
- دواتر هەوڵبدە بەسادەیی و سانایی ژێر هێڵکارەکە بۆیە بکەی، هەر ڕەنگێکت دەوێ بەئارەزووی خۆتەوە بیکە.
- پاشان بەفڵچەی بۆیە کردن، دەرمانی بریقە کردنی لەنینۆکەکان بدە، بەڵام ماوەیەك بوەستە تاوەکو بۆیەکە بەجوانی دەیگرێت.
- ماوەیەك بوەستە و مەهێڵە هەوای گەرمی بەرکەوێ، تەنانەت بەهەوای دەمیش فووی لێمەکە، چونکە هەوای دەم کاتێك دێتە دەرەوە پاك نییە، بوەستە تاوەکو خۆی وشك دەبێتەوە.








## ـــــــراوه بۆ وەرزی هاوین

بە(شەباشـــب) ناسـراوە، مۆدەیەکی گرنگە بۆ ئەو وەرزە و دەکرێ ســوودێکی گەورەی لێوە ببینرێت، چونکە چەندین سوودی تەندروستی و جوانکاری و تەنانەت مۆدەیەکی جوان و بۆ لەبەرکردنیش خۆشە بۆ دەرەوە. سەندڵی هاوینە، لەهەر چوار لاوە کراوەیە و هەوا بەر پێیەکانت دەکەوێ و بەمەش ســوودێکی تەندروســتی هەیە، هەروەها لەلایەنــی جوانییەوە، دەکرێ سوودی لێوە وەربگرین کاتێك لەگەڵ گشت جۆرە جلێکەوە دەپۆشــرێ، لەوانە: جینز و تەنوورە و تراکســوت و بیجامای ماڵ، کە بــۆ هەر یەکەیان جوانییەکی تایبەتی هەیــە و بەدیمەنە ڕازاوەکەی دەردەکەوێ.







## سفرە و فەرش بۆ سەر مێز و ژووری چێشت خواردن

جوانــکاری لەدیکۆری ماڵەوە، ڕۆژانە پێویســتی بەگۆڕانــکاری و کاری تازە هەیە، بۆیە دەبێ لەگەڵ هەر مۆدەیەکدا شــێوازێکی تازە لەکەرەســتە و کەلوپەلی ماڵ، ئامادە بکەین و لەنزیکەوە کارێکی وا دەکەین کە جێگەی جوانی و ناســکی بەماڵەکە ببەخشێ، لێرەدا لایەنەکانی گرنگیدان بەدیکۆری ماڵ، لەگشت بوارێکدا خۆی دەنوێنێ، بۆیە کاتێك بیرۆکەیەك ئامادە دەکەین، دەتوانین لەنزیکترین و سادەترین ڕێگەدا کاری لەسەر بکەین و ئەنجامێکی گەورەشمان دەست بکەوێ. یەکێك لەو دیکۆرە دیار و جوانانەی کە لەژووری چێشت دادەنرێ، مێز و شوێنی چێشت خواردنە، لەکاتێکدا سەر ســفرەی خواردن یەکێکە لەو دیمەنە گرنگەی کە شایستەی جوانییەکی کراوەیە، بۆیە دانانی هەر کەرەستەیەك دەبێتە هۆکارێك بۆ جوانی و بەتایبەت کاتێك لەشوێنی خۆی دادەنرێ، لێرەدا سوود وەرگرتن لەجوانی ســفرەی چێشت، دەکرێ فەرشــی جوان یان سفرەی جوان لەسەر شوێنی چێشت ئامادە بکرێ، دانانی هەر ڕایەخێك یان فەرشێك لەسەر مێزی نان خواردن، بەجۆرێك شیاوی جوانی ئەو شوێنە بێ، بەتایبەت کە جۆری سفرەکە یان فەرشەکە، ڕازاوە و جوان بێ، واتە ڕەنگاوڕەنگ و دیمەنێکی جوانی هەبێ، دەبێتە یەکێك لەجوانترین دیمەکانی دیکۆری ماڵ.





## جلی خاو و کراوە بۆ وەرزی گەرما

بەرەو وەرزی گەرما، واتە وەرزی هاوین ڕێگەدەگرێن و پێشبینی دەکرێ هاوینی ئەمساڵ گەرم بێ، بەتایبەت لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت کە کوردستانیش دەگرێتەوە، بۆیە پســپۆرانی بواری جوانکاری و جلوبەرگ، چەند مۆدەیەکی دیاریکراوی جلیان ئامادەکــردووە، کە بۆ ئــەو وەرزە بگونجێ و تەنانەت جێگەی خۆشــحاڵی و جوانی خانمان بێ، لەپۆشــینی ئەو جۆرە جلانە. مۆدەی جلوبەرگ بۆ هاوینی ئەمساڵ، بەپێچەوانەی هاوینی ساڵی پارەوە، کە بەمۆدەی تەسك ناسراوبوو، کەچی بۆ وەرزی ئەمســاڵ، مۆدەی جلوبەرگی کراوە، واتە تەسك نەبێ و بەڵکو خاو بێ، واتە لەسەر جەستە نەوەســتێ و جووڵە بکات. ئەو مۆدەیە زیاتر سەرنجڕاکێشتر دەبێ کاتێك لەو وەرزە دەپۆشــرێ. لەلایەکی دیکەوە حیساب بۆ خانمان کراوە کە حەز بەجلی کراوە و خاو ناکەن، بۆیە بۆ ئەوانیش چەند مۆدەیەکی جلوبەرگی دانراوە، کە زیاتر بۆدی و جینز یان پانتۆڵی کورت، کە بە(ســێ چارەگ)ناسراوە لای خۆمان، دەبێتە مۆدەی ئەو کەسانەی حەز بەجلی خاو ناکەن، بەڵام بۆ سەرتاپای مۆدەوە، جلی خاو و کراوە مۆدەی وەرزی هاوین ئەوساڵ دەبێ.





# کەنگر لەکوردستان خواردنێکی باوە

کەنگر یەکێکە لەو سەوزە یان ئەو گیایە کێوییە و سروشتی و خۆڕسکە کە لەخۆیەوە دەڕوێ، هەروەها بەیەکێك لەخۆشترین خواردنەکان دادەنرێ، بریتییە لەگیایەکی کورت کە لەژێرەوە بەڕەنگێکی سپی و لووسەوەیە، لەسەرەوەش دڕکێکی زۆری لەسەرە، بوونی ئەو دڕکە بۆ ئەوەیە کە گیانداران نەتوانن بیخۆن، کەنگر، گیایەکی بەهێزە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەڕوێت، بەتایبەت زیاتریش لەبنار و دەشتی قەراج و کەندیناوە و بەڕانەتی و بارزان و چەندین شوێنی دیکە، کەنگر بە(پیشەقان) دەردەهێنرێ، کە ئاسنێکی سەر تیژە و لەژێرەوەی کەنگرەکە دەدرێ و دەهێنرێتە دەرەوە، ڕەگی گەنکر بچووکە و لەگەڵ ئەوەی سەرەوەی دڕە و کەچی گیانداری بزن دەیخوات، سەبارەت بەشێوەی لێنان و کوڵاندنی، سەرەتا دەشۆردرێتەوە و پاك دەکرێتە لەقوڕ و خاکی زەوییەکەی، پاشان دەکوڵێنرێت لەناو ئاو، دواتر دەپارێزێنرێت تا بەیەکجاری پاك بکرێتەوە و پاشان لەگەڵ هێلکە دەخرێتە ناو ڕوونەوە و بەمەش پێدەگات و وەك ئەوەی پێیدەگوترێ سوور دەکرێتەوە، کەنگر دەکرێ لەگەڵ ساوار بکوڵێنرێ، ئەمەش پێیدەگوترێ (کەنگر بە ساوار) کە لەسەردەمی کۆندا ئەو خواردنە زۆر بایەخی پێدەدەرا، بەڵام بەشێوەیەکی کەم، کەنگر لەدوای نەورۆزەوە دەردەکەوێ و ئیتر لەلایەن ئافرەتانی کوردەوە دەچنە کەنگران و ئافرەتان کەنگەر لێدەکەنەوە، تا چەند باران زۆر بێ، کەنگریش زۆر دەبێ.

## چایخانەی قەرداران لە هەولێر






کاتێك بە نێو بازاڕی شاری هەولێر دەسوڕێیتەوە، چەندین دیمەنی جوان و قەشەنگ بەرچاوت دەکەون، تەنانەت ئێوارەیەك پیاسەیەکی لای کۆتری ئاشتی بکەیت لە بەرامبەریدا، دیمەنێکی کۆن و جوان بەرچاوت دەکەون، ئەویش چایخانەیەکی دێرینەو رەنگە زۆربەی پیاوانی ئێستا کە بە تەمەنەکانن، لەو چایخانەیەدا، چای نۆش کردبێ. ئەو چایخانەیە بە چایخانەی (قەرداران) ناسراوە.

چایخانەی قەردارن لە ساڵی (١٩٦٠) دروستکراوە و لە نێو شاری هەولێر، مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەو چایخانەیە پێشتر تەنیا چایخانەی کرێکار و فەرمانبەران بوو و خەڵکی دیکەش سەردانیان دەکرد، ئەو شوێنە جێگەی مامەڵەی شتومەك ئاڵوویرکردبووە، ناوی ئەو شوێنە لەوەوە هاتووە کەئەوانەی قەرزار بوون لەو شوێنەی ئێستادا کۆ دەبوونەوە یان ئەوانەی بێ پارە بوونە و بە قەرز چاییان لەم چایخانەیە خوادۆتەوە، زۆری قەرزی ئەو کرێکرانە وای کردووە ناوی لێ بنێن چایخانەی قەرداران، چایخانەی قەرداران دوای کۆن بوونی لە ساڵی (٢٠٠٦) لە لایەن پارێزگای هەولێرەوە نۆژنەکراوەتەوە و ئێستا هەر لە دەمەو بەیانیانەوە تا درەنگانی شەو ئەو چایخانەیە جمەی دێت لە خەڵکی شاری هەولێر و میوانانی ئەو شارە ڕووی تێدەکەن، لەگەڵ چا بەتام و خۆش پێشوازی لە خەڵك و میوانان دەکەن، زیاتر ئێواران ئەو چایخانەیە قەرەباڵغ دەبێ و چونکە ئەوانەی سەردانی دەکەن زیاتر فەرمانبەر و مامۆستا و ئەوانەن کە ئێواران بێ کارن و لەو شوێنە کۆ دەبنەوە.

## فیستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانەکانی سلێمانی

لەگەڵ هاتنەوەی یادەکانی ئازار و نەورۆز، کە لەو مانگەدا چەندین بۆنە و یادی جوان ئامادە دەکرێن، لەوانە فیستیڤاڵی هەولێر کە لەپارکی
شانەدەر ئەنجام درا،
لەگەڵ چەندین
بۆنە و یادی
د یکە ،
لەشاری




سلێمانیش لەرۆژی پێنج شەممە کە دەکاتە ١٩ی مانگی نیسان، گەورەترین و قەشەنگترین فیستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانەکانی کچانی سلێمانی ئەنجام درا، ئەو فیستیڤاڵە بەئامادەبوونی سەرجەم قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکانی ئەو شارە بەڕێوەچوو، لەفیستیڤاڵەکەدا کچانی سلێمانی بە بوێرانە و نمایشێکی جوانەوە، کە بەچەندەها مۆدەی جوانی جلوبەرگەوە فیستڤاڵەکەیان ڕازاوەتر کرد، تەنانەت هەندێك لەنوێنەری قوتابخانەکان بەدروشمی سلێمانی شاری ئاشتی و قوربانی، لەگۆڕەپانی یاریگای سلێمانی بەڕێوەچوو، لەفیستڤاڵەکەدا کچان بەجلی کوردی و بیانییەوە دیمەنێکی جوانیان بەخشیە فیستیڤاڵەکە.





# دوو دیمەن لە تەسریحەی قژێک !

ستایلە سەیرەکانی قژ بەمۆدەی سەیر و جیاوازەوە کاری لەسەر دەکرێ، بەو پێیەی کە هەر یەکە بۆ خواستی خۆی جۆرە تەسریحەیەك بۆ قژی دادەنێ، ئەو کچە لەوڵاتی نەمسا، وێنەی گیراوە کاتێك لەچاوەڕانی کەسێکە، کاتێك لەلای ڕاستەوە وەستاوە و وێنەی گیراوە، دیمەنێکی جوانی هەیە، بەڵام کاتێك لەلای چەپ دەوەستێ وێنەی لایەکی قژی سەری پێوە نییە، ئەمەش وەك ئەوە وایە کە مۆدەیەکە و بۆخۆی هەڵیبژاردووە، هەمان حاڵەت کچێکی دیکەش چەندین جۆرە ڕەنگی بۆ قژی داناوە و تەنانەت لەشێوەی پەلکە زێڕینە دەردەکەوێ.

## درێژترین کراسی بووک

لەدوای ئەوەی دوو کوڕ و کچی وڵاتی چین، بۆ ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیریان خۆیان ئامادە کرد، خانمی بووك بەکارێکی لەناکاو لەبەردەم زاوا وەستا، ئەمەش کاتێك بەکراسێکی بووکی زۆر درێژەوە کە بووە جێگەی سەرسوڕمانی زاوا، خانمی بووك ناوی (لی کیۆ)یە و تەمەنی (٢٥) ساڵە، لەڕۆژی ئاهەنگی خۆی کراسێکی بۆ ئامادە کرابوو کە درێژی (٥٢٠) مەتر بوو، هەروەها کێشی کراسەکەش (٥٠) کیلۆگرام بوو، ئەمەو ئەو خانمە بووکە، (٢٠) کچی هاوڕێ خۆی تەرخان کردبوو وەك بەربووك، تاوەکو تەنیا کراسەکەی بۆ هەڵبگرن. ئەمەش لەکاتێکدا بووە جێگەی خۆشی و سەیری ئامادەبووان کە لەباخچەیەکی گەورەی ئەو وڵاتە ئاهەنگەکەیان بەڕێوە چوو.




## کراسی خانمان لەگوڵ و خاس!





کاتێك کەسانی بەهرەمەند کارێك ئەنجام دەدەن، بەچەندین بیرۆکەی جوان کاری لەسەر دەکەن، کە دەبێتە جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسانی دیکە، ئەمەش لەکاتێکدا بیرۆکەیەکی جوان دەبێتە شتێکی جوان و سەیر لەداهاتوودا. کراسی خانمان یەکێکە لەو جلە جوانەی کە لەسەر جەستەی خانمان دەبێتە یەکێك لەمۆدێلە جوانەکان، بەڵام هەندێکیان دەبێتە مایەی سەیر و سەمەرە، وەك ئەو دوو کراسەی کە یەکێکیان لەگوڵ دروست کراوە، ئەمەش لەلایەن گەورە دیزاینەری چینی (شیاو فان) توانی کراسێك دروست بکات تەنیا لەگوڵ بێ، هەروەها کچێکی دیکەش لەوڵاتی چیك، لەڕۆژی داکۆکی کردن لەسەوزەوە و بەتایبەت لەخاس، کراسێکی بۆ ئامادەکرابوو کە لەسەوزەی خاس دروست کرابوو.



## قۆپیە

لەم وێنەیەدا، قۆپیەکی سەیر کراوە، هەوڵبدە شتەکان بخوێنیتەوە کە لەسەر دەستی ئەو کەسە نووسراوە، ئەوەی جێگەی سەیرە تەنیا ئەگەر خۆی نەبێ، کەسی دیکە ناتوانێ سەری لەو قۆپیە سەیرە دەربکات!

## پەندی ناوداران



### ناپلیۆن پۆناپەرت

ناپلیۆن پۆناپەرتی گەورە سەرکردەی فەڕەنسی کە باسی ماندوبوون دەکات و دەڵێ:

ماندوبوون و ئازار چەشتن، زیاتر لە مردن پێویستی بە ئازایەتی هەیە.

بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە!

وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش









**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

وا پێویست دەکات ئەو کێشەیەی ئێستات بەبێ دەنگی چارەسەر بکەیت، لەم گۆڕانکارییانەی کە لەماوەی رابردوو بەسەر ژیانتدا هاتوون کەمێك باری سۆزداریتی شێواندووە، بەڵام بێ ئومێد مەبە لەم ماوەیەدا بەخت دەبێتە یاوەرت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هاوڕێیەکی خۆشەویست پێویستی بە بایەخدانی تۆ هەیە، تۆش کە بەکەسێکی وەفادار ناسراوی فەرامۆشی مەکە و هاوکاری بکە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

گشت مرۆڤێك لەژیانیدا تووشی ناخۆشی و دارمان دەبێت، بۆیە نائومێد مەبەو خۆشت بەدەستەوە مەدە لەهەوڵدانت بەردەوامبە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لەبواری ئەڤینداریەوە گومان و دوودڵی بەرەو کارەساتت دەبات، بۆیە کەمێك ژیرانە سەرنج لەدەوروبەرەکەت بدە، ئینجا تێدەگەیت کە تۆ چەند کەمتەرخەمی.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

زۆر لەهەوڵی ئەوەدای کە هەرچۆنێك بێت و بەهەرشێویەك بێت راو بۆچوونەکانی خۆت بەسەر خۆشەویستەکەت بسەپێنی، ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێ لەسەر پەیوەندیەکانتان.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

توانایەکی باشت هەیە و دەرفەتیش لەبارە بۆئەوەی بارودۆخی داراییت بەرەو باشتر ببەیت، لەبواری سۆزدارییەوە کەسێك بەدوای ئەوەیە گرفتێکت بۆ دروستبکات.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (باشماخ) بوو




بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ئەو کەسەی سەردانی ماڵی خوا دەکات)
- پیتی خانەکانی (٧+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (خواردنەوەیەکی سرووشتییە بێ بۆن و بێ ڕەنگە)
- پیتی خانەکانی (٣+٧+٦) کۆبکەیتەوە بەمانای (کەرەستەیەکە بۆ بڕینی خووری مەڕ بەکاردەهێنرێ)
- پیتی خانەکانی (١+٧+٣)کۆ بکەیتەوە بەمانای (ماڵی خوا بەزمانی عەرەبی)




## ئاسۆیی:

١- گۆرانـی بێژێکی کوردە خـاوەن وێنەکە- چیایەکی کوردستانە .
٢- یانەیەکی ئەڵمانیە(پ).
٣- بەشـێکە لـە لـەش(پ)- بینـی(پ)- جـۆرە فرۆکەیەکە(پ).
٤- سەرۆکی رێکخراوی کشت و کاڵی جیهان(فاو)ە(پ) – مایك(ت).
٥- دوو پیتی کاف.
٦- جۆرە فرۆکەیەکەی سیخوریە- پەیامبەرێکە(پ).
٧- وەکو یەك – شاعیرێکی کوردبوو(پ).
٨- جۆرە کانزایەکە(پ)- شاعیرێکی کوردبوو(پ).
٩- یاریزانێکـی هۆڵەندیـە(پ)- شـاعیرێکی کوردبوو(پ).
١٠- مەکر- وەکو یەك – رەنگێکە.
١١- نێچیرگرتن- چیایەکە لە ئەفغانستان.
١٢- گەڕەکێکی شاری هەولێرە(پ)- زام.

## ستوونی:

١- رۆمان نووسێکی جیهانی یە خاوەنی رۆمانی(میر)ە.
٢- سەرکردەیەکی کوردبوو- دیواری بەشورکە دار(پ).
٣- دوو پیتی کەنفەر- گەرەکێکی شاری هەولێرە.
٤- نەخێر(پ) پێنج پیتی نەورۆز.
٥- جۆرە میوەیەکە(پ)- پێش نەخۆشی.
٦- چوار پیتی دیاری – یاریزانێکی ئینگلیزیە(پ).
٧- بەشێکە لە لەش(پ)- جۆرە چەکێکە(پ).
٨- جـۆرە مەشـرۆبێکە(پ)- شـاعیرێکە خـاوەن چوارینەیە(پ).
٩- دراوێکە(پ)- دورگە یەکە لە ئەفریقیا(پ) – وەکو یەك.
١٠- یاریزانێکی بەرازیلی بوو(پ) – پایتەختی وڵاتێکی ئەوروپیە(پ).
١١- رۆمانێکی بەناوبانگە- شاعیرێکی کوردبوو.
١٢- یانەیەکی وەرزشـی ئاسـیایە(پ)- شـاعیرێکی کوردبوو.

## یاری پیت ریزکردن

**هەوڵبـدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بـۆ ئەوەی ناوی گۆڤارێکی کوردیت بۆ دەربچێ**

م ر ا ن ا

وەڵامی ژمارەی پێشوو ( دۆغەوا )

## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئیمڕۆ کەمێك پەسـتی و نیگەرانی رووت تێدەکات و بـاری دەروونیت ئاڵۆز دەکات، بۆیە واباشـترە زیاتر تێکەڵی هاوڕێکانت بیـت و قسـەکردنیش لەگـەڵ دۆسـتەکەت خەمەکانت سووك دەکەن.

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئیمـڕۆ زیاتـر بایـەخ بەتەندروسـتیت بدە، لەبـواری کاریشـدا ئاگاداربە گرفتە خێزانیەکانت لەئیش و کاردا سـاردت نەکەنەوە، بیرکردنەوە رەشەکان لەخۆت دوور بخەرەوە.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کەمێـك ویژدانت بەکاربێنە لەهەڵسـوکەتت بەرامبـەر دڵدارەکـەت، لەدەرەنجامـی گفتوگۆکەیدا ئەگەیت بەچەند راستییەك کە پێشتر بەهەڵە تێگەیشتبووی.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لەبـواری ئیـش و کاردا بەرەوپێش دەچیت و لەسـەرکەوتن نزیك دەبیتـەوە، هەروەها لەم ماوەیەدا پلـەی کۆمەڵایەتیت دیار و گەشاوە دەبێت.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەبواری کاردا پێویسـتە زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت بکەیت، چونکە کەسانێك لەبۆسە بۆت دانیشتوون، ئەمەش بەهۆی سەرکەوتنەکانت لەبواری کارەکەتدا.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پێویسـتە زیاتر بایەخ بەبـاری ئابووریت بدەیـت و بـە بەرنامەیەکـی رێکوپێك کارەکانت رێکبخەی، لایەنی سـۆزداریت ئەوەندە فەرامۆش مەکە.

## نوکتە

- کابرایەکـی ڕەزیـل میوانێکـی دێت، لەمیوانەکەی دەپرسـێت نانت خـواردووە؟ میوانەکەی دەڵێت نەخێـر، کابرا ڕەزیلەکە دەڵێت: وتم ئەگەر نانت خواردووە با چایەکت بۆ بهێنم..


- یەکێك خۆی ئەکا بە چێشـتخانەیەک، شـاگرەکە دێ و پێی دەڵێ: فەرموو مامە گیان چ دەخۆی؟ ئەویش دەڵێ: دوو شـیش دڵم بۆ دانێ، بەڵام توخـوا با خەفەتی زۆر نەخواردبێ!

## دیـوانـە شـیعر




نـاری - مـەلا کاکـە حەمـەی بێلـوو دەڵێ:

بۆ لەسەردانم هەمیشە تیغی عیشوەی حازرە
من بە قوربانی، بە شەهدی لێوی شانازی دەکا
قازی و موفتی دەڵێن، هەردوو، حەرامە سوحبەتی
رووی ئەوە ڕەش بێ بە قەولی موفتی و قازی ئەکا
بێتە سەر ڕوتی کومەیتی بەیتی خۆش تەعلیمی من
هەرکەسێ وا ئەپێ خەیاڵی فێرە ڕمبازی ئەکا
وا ئەزانم بێ ئەدەب نابێ ئەگەر (ناری) بڵێ
ئەم غەزەلانە لە لەهجەی شێخی شیرازی ئەکا




- عەباسی کەمەندی دەنگ زوولاڵ دەڵێ:

بەینی من و تۆ حەیفە کە تێکی بشکێنن، نـەتۆری
مەڕوانە کە دڵ...ئێمە لە یەکتر بڕەوێنێن، نەتـۆری
گوێمەگرە لە تانەو تەشەری خێلی بەخێڵان ئـەزیزم
ڕۆژێک نیە سەد لانە لە سەد لا نەشێوێنن، نەتـۆری
نەتۆری کچی نەتۆری...وەڵا نیەسم تـاقەتی دووری

س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك